عێراق ڕێسای چوونە ژوورەوە بە زیارەتکارانی ئەربەعین بە ئەمساڵ و تەچووی ڤیزا دادەنێت

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئەمڕۆ یەکشەممە، ڕێسا فەرمییەکان و تەچووی چوونە ژوورەوەی زیارەتکارانی بیانی کە ئەمساڵ زیارەتی ئەربەعینی ئەنجام دەدەن خستەڕوو و ڕایگەیاند، ڕێکارەکان لە یەکەمی موحەرەمەوە تا بیستەمی سەفەری ساڵی ١٤٤٧ی کۆچی جێبەجێ دەکرێن.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی موتەبەع کۆتووە ڕایگەیاندووە، ڤیزەی چوونە ژوورەوە (سەردان - گەشتیاری - ئاسایی) دەدرێت بەو وڵاتانەی کە بەیارنامەی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی و بەیارنامەی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ دەیانگرێتەوە، لە بەرامبەردا پارەی یاسایی پەسەندکراو لەگەڵ کرێی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی کە ٥ دۆلاری ئەمریکییە، بەبێ وەرگرتنی هیچ پارەیەکی زیادە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "سەردانکەرانی نێتەوەکانی دیکە دەتوانن لە ڕێگەی گروپە گەشتیارییە ڕێکخراوەکانەوە بچنە ناو عێراقەوە، بەمەرجێک ڤیزەی گەشتیارییان پێبدرێت لە بەرامبەر ئەو پارە یاساییەی پەسەندکراوە، ئەمە جگە لە کرێی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی (5 دۆلار) و کرێی دەسەڵاتی گەشتوگوزار تەنها، بەبێ هیچ پارەیەکی زیادە".

وەزارەتەکە پشتڕاستی کردەوە کە: "ئەم ڕێکارانە لە ١ی موحەرەمەوە تا ٢٠ی سەفەری ١٤٤٧ی کۆچی جێبەجێ

دکرن، بۆ ئاسانکاری هاتنە ژوورەوەی سەردانکەران و دەنیا بوون لە ڕەکخستنی سەردانی ملیۆن کەسی لە چوارچێوەی یاسایی و فەرمیدا".